# ڕەنگدانەوەی قادری بوون لەناو شیعرەکانی سافی هیرانی

**هانا کاکی هیرانی**

**پوختە**

مرۆڤ خاوەن جۆرەها نهێنی و جیهانی مەعنەویاتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی خۆی و خودای دا گەڕاوە، تەنها لە ڕێگای بیرکردنەوەیەکی تەندرووستانەی پڕ لەتێڕامان بە یارمەتی پەیامهێنەر و نێردراوەکان توانیویەتی بە ڕاستی و تەواویەتی هەم خۆی هەم خودای بدۆزێتەوە. لەم ڕێگایەوە مرۆڤی باوەڕدار توانیویەتی تێبگات و پەروەردەی خۆی بکات و خۆی پێبگەیەنێ ئەو ئاراستەیە بوە زانستێکی سەربەخۆ کە پێی دەوترێ تەسەووف، چونکە لایەنی تەسەووف بەشێکی سرووشتیە لە ناخ و ویژدانەوە سەرچاوە دەگرێ بۆیە تەسەووف ڕاستیەکی ڕوحانی و لایەنێکی بەهێز و مەعنەویاتێکی گرنگ و جیهانێکی تایبەتی لەو دیو جیهانی ماددیاتی مرۆڤەوەیە، بۆ گەیشتن بە ئاسۆ بەرزەکانی مەعریفەتی خوداناسین. تەریقەتیش کە بریتیە: لە شێوازێک یاخود پەیرەو ڕێڕەوێک لە ڕێچکەکانی تەسەووف، مورید لەسەر ئەم ڕێڕەوە دەڕوات کە پیرێکی مورشید پێی دەگەیەنێت، ئەو بابەتەش لایەنی کرداریە کە مورید ملکەچی چەند هۆکارێکی دیاری کراو دەبێت، بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکەی کە تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای پەروەردگارە، بەرهەمی تەریقەتیش هۆکارێکی گرنگە بۆ برەودان بە لایەنی شەریعەت و گەیشتن بە حەقیقەت و مەعریفەتی خودا ناسین کە تەریقەتدار هەمیشە هەست دەکات خودا لەهەموو شتێکەوە زیاتر لێی نزیکە بەم شێوەیەش ئاگاداری ئیمانەکەی دەبێت و کەم ترین هەڵە دەکات. لە کوردستانیش بە گشتی دوو تەریقەتی سەرەکی هەبوون کە کۆنترین و گرنگتریان تەریقەتی قادریە، ناو نسبەتی تەریقەتی قادری لە خودی ناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەرگیراوە، کە نوێکەرەوە

و دانەری ڕێباز و ئادابی ئەم تەریقەتەیە، بەڵام گەر زیاتر لەم مانایە قوڵ ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنها لەناوی شێخ عەبدولقادر وەرنەگیراوە بەڵکو ناوەڕۆک و حالی شێخ زیاتر دەوری سەرەکی بینیوە لەم نسبەتە! کەواتە موریدی شوێنکەوتەی ڕێبازی قادری واتە موریدی زاتی خودای قادر کە زیاتر"تحقیق و تخلقی" بەم سیفاتەی زاتی خودا کردووە بۆیە بەتوانا"قادر"بووە بەسەر: نەفس و هەوا و تەبع و خوڕەوشتی. بۆیە ئامانجی ئێمە لەم توێژینەوە بە پشت بەستن بەسەرچاوەکان باسێکی پوختە لەسەر تەسەووف و تەریقەت و ڕێبازی قادری، دەرخستنی بوار و لایەنەکانی سۆفیگەری و عیرفان کە لە ژیان و شعرەکانی صافی هیرانی ڕەنگی داوەتەوە و دەرخستنی مانای قادری بوون و تێکۆشانی وەک کەسایەتیەکی خاکی و بەتەوازوع بۆ گەیشتن بە ڕازی بوونی یارەکەی لای شاعیر، لەگەڵ هێنانەوەی نموونە شعریەکانی بە شەرحەوە. بەو پێیەی شاعیر پیرێکی مەزنی ئەم ڕێبازە پیرۆزە بووە، بۆیە لە شیعرەکانیدا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی لە بڕینی قۆناغە ڕوحیەکانی ئەم ڕێگایەی کردووە و زاراوە سۆفیگەرییەکان و حال و مەقام و پێگەکانی تیادا باسکردووە.

**وشە کلیلییەکان: سۆفیگەری و عیرفان، تەریقەت، قادری، صافی هیرانی**

## پێشەکی

تەسەووف کە پەروەردەیەکی خوداییە مرۆڤی باوەڕدار لەم ڕێگایەوە دەگەیەنێت بە لوتکەی کەماڵ و تەواویەتی، بۆیە ڕێبازە سۆفیگەریەگان هەمیشە بوونەتە هۆی پێگەیاندنی کەسایەتی گرنگی نێو کۆمەڵگا کە ڕەوشتیان هەمیشە لەلووتکەی جوانی دابووە بەهۆی بەهرەداریان لە سیفەتە بەرزەکان و خاکی بوون و عروجی بەرزی ڕوحیان، بەوێنەی شەوەمانگی چواردە هەمیشە ناو ناسناویان بەنەمری ماوەتەوە، یەکێک لەم کەڵە شاعیرە مەزنانەی کوردان کە حەزرەتی سافی هیرانیە جگە

لەوەی ڕێبەرێکی مەزنی تەریقەتی قادری بووە شاعیرێکی بەرزی ئەدەبی کلاسیکی کوردیش بووە کە بە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە شیعرەکانی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم شاعیرە پێگەیەکی دیار و تایبەتی هەیە و خاوەن جیهان بینێکی جوان و بەرزی عیرفانیە.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە** ئەوەیە کە شیعرەکانی شاعیر روونکردنەوەی بڕینی پلەکانی سۆفیگەری خۆیەتی وەک عاریف و پیرێکی دیاری تەریقەتی قادری لەم رووەشەوە کەمتر باسی ئەو بابەتە کراوە کە ئەم ڕێبازە عیرفانییە بووەتە هۆی برەودان بە عیشق و عیرفان و پێگەیاندنی خودی سافی هیرانی شیعرەکانی شاعیریش لەم رووەوە لێکدانەوەیان زۆر بۆ نەکراوە بۆیە مەبەست لەم توێژینەوە ڕوونکردنەوەیەکی پووختە سەبارەت بە سۆفیگەری و ڕێبازی قادری و چەمک و بنەماکانی لە بەشی دووەمیش ئاماژە خستە سەر ڕەنگدانەوەی سۆفیگەری لای شاعیر و پێگەی رووحی و عیرفانی وەک پیری تەریقەتی قادری.

**گرنگی توێژینەوەش** ئەوەیە کە شیعرەکانی شاعیر لەناو باس و بابەتی خۆی دا کە تەریقەت و عیرفانە لێکدانەوەیان بۆ دەکرێ و دەناسرێ.

**پرسیاری توێژینەوە** پوختەیەکی سۆفیگەری عیرفان و ناوەڕۆکی ڕێبازی قادری و بنەما و ئادابەکانی چۆنیەتی خۆ پێگەیاندن لەم ڕێبازەدا چۆنە؟

ڕەنگدانەوەی ڕێبازی قادری لە شیعرەکانی شاعیر و هەم بڕینی قۆناغ و پلەکانی سۆفیگەری و عیرفان لە شیعرەکانی سافی هیرانی؟

**گریمانەی توێژینەوە** شیعرەکانی سافی هیرانی لە پێناو عیشقی مەعشوقەکەی نووسراوە کە هەستێکی قوڵی دەروونی شاعیرە بە پێی بڕینی قۆناغەکانی عیرفان دەربارەیان دواوە.

**سنووری توێژینەوە** تایبەتە بە لێکدانەوەی سۆفیگەری و عیرفانی لە شیعرە کوردی و بەشێکی شیعرە فارسیەکانی شیعرە فارسیەکانی دیوانی سافی هیرانی.

**پێشینەی توێژینەوە** تاکوو ئێستا چەندان توێژینەوە نوسراون دەربارەی عیشق و عیرفانی شاعیر ئەم توێژینەوەش لەم رووەوە تایبەتمەندترە لە رەنگدانەوەی ڕێبازی قادری و بڕینی پلەکانی عیرفان لە شیعرەکانی سافی هیرانی و لێکدانەوەیان بە ئاراستەی سۆفیگەری.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە** لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم کە بەشی تیۆری و توێژینەوەیە لەم خاڵانە پێک هاتووە: سۆفیگەری و پێناساندنێکی پوخت، تەریقەت و ئامانجەکانی، تەریقەتی قادری و پایە و بنەماکانی، شێوازی زکری قادری، پیر "مورشیدی" قادری، دەروێشی قادری.

لەبەشی دووەمی توێژینەوە لە تەوەرەی یەکەمدا کورتەیەک دەربارەی ئەدەب و سۆفیزم، لە تەوەرەی دووەم کە بەشی پراکتیکی توێژینەوەیە باس لە ڕێبازی شاعیر دەکا و ڕەنگدانەوەی قادری بوون هەوڵ و تێکۆشانی وەک کەسایەتیەکی خاکی و بە تەوازووع بۆ گەیشتن بە ڕازی بوونی یارەکەی لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج خستنە سەر پێگەی رووحی و عیرفانی شاعیر وەک پیرێکی تەریقەتی قادر.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: پوختەیەک دەربارەی سۆفیگەری

مرۆڤ کە گەورەترین ئافەرێندراوی خودای جیهانیانە، خاوەن جۆرەها نهێنـی و جیهانی مەعنەویاتی تایبەت بەخـۆیەتی، کە لە روح دەستپێدەکات تاکوو بچووکترین بەشی گەردیلەی لاشەی، هەموویان نهێنییەکن لە ناوەڕۆکی مرۆڤدا، کە پێویستیان بە تێڕامان و تێگەیشتن و

ورد بونەوە هەیە، تاکوو مرۆڤ بگاتە ئەو پەڕی کامڵ بوون و تەواوی، ئەمەش لە چوارچێوەی پەیڕەو و بنەمای ورد و هەستیار و ناسکەوە دەبێ کە دروستکەری ئەم مرۆڤە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەم ڕێگایەوە مرۆڤ بوونی خۆی بدۆزێتەوە تیایدا دایناوە)**وفي انفسكم أفلا تبصرون**)(الذاريات ٢١)، (**ويتفكرون في خلق السماوات والأرض**)(آل عمران ١٩١)
لەگەڵ درووستبوونی یەکەمین مرۆڤ کە ئادەمە خودای گەورە ئەم تایبەتمەندی و ڕێپیشاندانەشی فێرکردووە(**وعلم آدم الأسماء كلها..**) (البقرة ٣١) بەردەوام لەگەڵ سروش و پەیامەکانی پەیوەستەی لەسەرکردۆتەوە، مرۆڤیش هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی خۆی و خودایدا گەڕاوە لە ڕێگای تێرامان لە ناخی خۆی و بیرکردنەوە لە سروشتی دەوروبەری بە پشت بەستن بە ل ەسروش و پەیامی نێردراوان هەم خۆی هەم خودای، هەم هۆی بون و نەمانی خۆشی دۆزیوەتەوە کە لەم ڕێگایەوە مرۆڤ توانیویەتی تێبگات و پەروەردەی خۆی بکات و خۆی پێبگەیەنێ کە لە ئاینی ئیسلام پێی دەوترێ زانستەکانی تەسەووف.
ئەم تەسەووفەش تایبەت نەبووە بە ئاییني ئیسلام، بەڵکو هەموو ئایینەکان و گشت پێغەمبەران ڕەفتاریان پێکردووە بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە هەم خۆیان پێبگەیەنن و هەم خەڵکی سەردەمی خۆشیان لەم ڕێگایەوە بتوانن پەروەردەی دەروونی خۆیان بکەن بۆ گەیشتن بە ئاسۆ بەرزەکانی مەعریفەتی خوداناسین و دڵ ئۆقرەگرتن و پابەندبوون بە ڕێسا خواییەکان و پاک کردنەوەی دەروون ل ەهەموو خەوش و ناپەسندییەکان.

لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە کاری تەزکیەی وەک یەکێ لە سێ بەشە سەرەکییەکانی کاری پێغەمبەران داناوە، تەنانەت تەزکیەی پێش فێرکردنی قورئان و حیکمەتیش خستووە:
**((هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ))(الجمعة ٢)**. پاککردنەوەی دەروونیش وەک هەڵهێنجانێک لە مەقامی "ئیحسان" خودا بپەرستی گەر تۆش نەیبینی خۆ ئەو تۆ دەبینێ **(أن تعبد الله كأنک تراه فإن لم تکن تراه فإنه يراک)**.[١]
لە بارەی تەسەوفەوە سالانێکی زۆرە عارفان و ڕۆژهەلاتناسان تەنانەت نووسەرانی کوردیش خۆیان مژووڵ کردووە بەوەی؛ وشەکە لە چییەوە هاتووە و سەرچاوەی بنەڕەتی تەسەووف چییە و کوێیە؟ لێرەدا ئێمە زۆر لەسەر ناوەستین، "تەنها ئەوە نەبێت کە ناسناوی سۆفی" ئەویش پەیوەندی بە ڕواڵەتەوە هەیە، کە پۆشینی خورییە.**(کەسنەزانی، بەرزنجی ٢٠٢٣، ١٢)**
گشتگیرترین پێناسەش کە بۆ تەسەووف کرابێ؛ پێناسەکەی شێخی گەیلانییە کە فەرموویەتی:(بەڕاستی تەسەووف ڕاستی نیەتە لەگەڵ خودای گەورە و جوانی مامەڵە و ڕەوشت بەرزییە لەگەڵ دروستکراوانی خودا.**(الجيلاني، ٢٠٠٥،لا.٤٥٢)**

**پوختەیەک دەربارەی تەریقەت:**

تەریقەت: بەزوبانی کوردی واتە ڕێچکە، ڕێباز... شێخ موحەممەد مازی فەرموویەتی: وشەی تەریقەت و(صراط و سبيل و منهج وشارع و شەريعة

---

[١]- ورد في صحيح مسلم عن عمر ابن الخطاب: في حديث جبريل الطويل وفيه: فأخبرني عن الإحسان؟ قال: «الإحسان أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك»، وفي رواية في مسلم أيضا: «أن تخشى الله كأنك تراه، فإنك إن لا تكن تراه فإنه يراك»، وفي رواية في مسند أحمد: «الإحسان أن تعمل لله كأنك تراه، فإنك إن لم تره فإنه يراك».

و محجة و سونة) گشتیان وشەی هاومانان (المرادف) کە یەک مانای تایبەتی کۆیان دەکاتەوە: بریتییە لە گەیشتن بە مەبەست بە نزیکی و ئاسانی (**ماضی**،١٩٧٤، ١١٣).پێشەوا ئەبومەنسور ماتوریدی دەربارەی تەریقەت فەرمووویەتی: تەریقەت ئەو ڕێبازە ڕۆحانییەیە کە دڵ تەی دەکات، بەو خەیاڵ و بیرانە کە بەپێی عەقیدە و بینینەوەیە دەبڕدرێ. بناغەی تەریقەت نورێکی ئاسمانیی و ڕوانینێکی خواییە بۆ دڵی بەندە (**الکسنزان**،٢٠٠٥، ب١٤/ل١٠٠). قوشەیری فەرمویەتی: تەریقەت چەند پێگە و ئاستێکە کە ڕێگای ئەم پێگانە بە نەفس تەی ناکرێ بەڵکو بە دڵ دەبڕدرێن (**القشیری، ب**:٢،ص٣١١).

ئامانجیش لە گرتنەبەری تەریقەت بریتییە لە بەدەستهێنانی ئیمانێکی کامل بە سەیر و سلوکێکی کامل لەڕێگای پیرێکی کامل. ئیمامی ڕەبانی فەرمووویەتی: ئامانجی سەرجەم تەریقەتە سۆفییەکان بریتییە لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی راستییەکانی ئیمان(**الربانی**،ب/١،١٨٢)، چونکە ڕێبواری ئەم ڕێگایە کەسانی تایبەت و خاوەن هیممەتن ئامادەیی هەموو فیداکاریەکیان تێدایە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەیان کە تەنها بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای پەروەردگارە. هەروەک شێخی ئیبن عەرەبی فەرموویەتی: (هەموو ئامانجەکانی تەریقەتەکان ڕۆیشتنە بەرەو لای خودا و گەیشتن بە خودا تاکە ئامانجیانە)**ابن عربی**، ١٩٤٨، ٥).
ئامانجی "تەریقەت": ناسین و بەدەستهێنانی ڕاستییەکانی ئیمان و قورئانە لە ڕێی سەیر و سلووکی ڕۆحانی و لە ژێر ئالا و سایەی "میعراجی ئەحمەدی"دا بە هەنگاونانی دڵ، هەتا گەیشتن بە حاڵەتێکی ویجدانی و زەوقیی ئەوتۆ کە وەک "شهوود" وابێت. بێگومان گەورەترین هۆکاری بەگەڕخستن و کارپێکردنی "دڵ"یش لەوەدایە کە بە یاد و

زیکری خوای گەورە و لە ناوەندی پلەکانی ویلایەتدا و لە ڕێی تەریقەتەوە ڕوو بکاتە "ڕاستییەکانی ئیمان (نوورسی،٢٠١٣، ٧٥١).

**تەوەری دووەم: تەریقەتی قادری**

تەریقەتی قادری لە هەرەگەورەترین ڕێباوەڕە سۆفیگەرییەکانی جیهانە، ئەم ڕێبازە یەکێکە لە ڕێبازە هەرە لەمێژینەییەکانی سۆفیگەری، کە نسبەتی دەدرێتە پاڵ ئیمامی عەلی تا سەردەمی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، دواتر بە قادری ناسرا. هەروەک ناسراوە و ئاشکرایە کە ناو نیسبەتی تەریقەتی قادری لە خودی ناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانی وەرگیراوە، کە نوێکەرەوە و دانەری ڕێباز و ئادابی ئەم تەریقەتەیە. بەڵام گەر زیاتر لەم مانایە قوڵ ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنها لەناوی حەزرەتی شێخ وەرنەگیراوە بەڵکو ناوەڕۆک و حالی شێخ زیاتر دەوری سەرەکی بینیوە لەم نسبەتە!

هەروەکوو شێخی گەیلانی لە دێڕە شعرێکی خۆیدا لە(الشریفە) فەرموویەتی:

**و كُن قادريّ الوقتِ للهِ مخلصاً/ تعشُ سعيداً صادقاً بِمَحَبَّتي.** (الکیلانی،٢٠١٤، ١١)

واتە: ببە بەخاوەنی توانا بەسەر کات لەپێناو خودای گەورە دا، بژیێ بەخۆشەویستیم بە بەختەوەری راستگۆیی، بەهەمان شێوە لە دێڕێکی قەسیدەی (على الأولياء) فەرموویەتی:

**أنا قادري الوقت عبدالقادر/ أكنى بمُحيي الدّين والأصلُ جيلاني.** (الکیلانی،٢٠١٤، ١١)

واتە: من خاوەن توانام لەسەر کات و بەندەی خودای بەتوانام نازناوم زیندووکەرەوەی دینە و خەڵکی گەیلانم.

ئیمامی بەیهەقیش لە کتێبی ئەسماو سیفات دەفەرمووێ: مانای(القادر)واتە(اثبات القدرة)، بە واتای چەسپاندنی توانا ودەسەڵاتە

بەسەر شتێک(البیهقی،۱٤۱۲هـ، ج۱، ۳۱٤).شێخ کەماڵەددینی قاشانی دەربارەی ئەم مانایە فەرموویەتی: (عەبدولقادر، واتە: توانا و دەسەڵاتی خودای بینیوە لە هەموو شتێکدا بەتەجەللای ناوی"القادر"لەسەر ئەو). (**القاشانی،**۱۲۲). کەواتە موریدی شوێنکەوتەی ڕێبازی قادری واتە موریدی زاتی خودای قادر کە زیاتر "تحقیق و تخلقی" بەم سیفاتەی زاتی خودا کردووە" (علماً وحالاً") بۆیە بەتوانا"قادر"بووە بەسەر: نەفس و هەوا و تەبع و خوڕەوشتی.

ڕێبازێکی پەروەردەی و سلوکییە، گرنگی بە پاککردنەوەی نەفس دەدا لە هەموو ئارەزوو و خوویەکی خراپ وناپەسند، و گەیشتن بە پلەی خۆشەویستی و ڕازیبوونی خودا، پشتبەستوو بە کرداری پڕاکتیکی سۆفیگەری ڕاستەقینە، کە پێی دەوترێ پلەی چاکەکاری (مقام الاحسان)، بەپێی بنەما و بنچینە وئادابی داندراوی دانەری ئەم ڕێبازە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، و ئەو پیر و دەستگیر و زانایانەی لە دوای ئەوهاتوون و لەسەر ئەم بنچینەیە ڕۆیشتوون.(**القادری،۲۰۱٦، ۳۷**)

## پێویستییەکانی پایەکان و بنەماکانی تەریقەتی قادری

پێویستییەکانی پایەکان لای شێخی گەیلانی سێ شتە:

زانست و هەوڵدان(سلوک) و ئامۆژگاری، کە ئەم سێ دانەیە هەرسێکیان تەواوکەر و هاوبەستی یەکترن، خودی شێخی گەیلانیش بەوپەڕی دڵسۆزی و لێبڕانەوە هەوڵی بۆداوە و کاری پێکردوون، هیچ کامێکیانی وازلێنەهێناوە لەپێناو ئەویتر لەهەموو کات و حالەتێکیدا:

یەکەمیان: زانینی زانستی شەرعییە بۆ دیاریکردنی سنوور و ئادابی شەریعەت و پەیوەستبوون پێیوەی (**الگیلانی، ۲۰۰۷،۱۱۹**). شێخی گەیلانی فەرموویەتی: (بفرە بۆ لای خودای گەورە بە هەردوو باڵی قورئان و

سوننەت، بڕۆ ناویەوە و با دەستت لەناو دەستی حەزرەتی پێغەمبەر بێ)(الجیلانی،٢٠٠٥، ٤٥٥)

دووەم: زانستی تەریقەت یاخود زانستی دەروون و سەیر و سلووک بۆ زانینـــی حـــوکم و پەروەردەی دەروون و وڕێکخســـتنی پـــاککردنەوەی ناوەوەی خودی مرۆڤ تا دەگات بە حەقیقەتی خوداناسی. گەیلانی لەم ڕوانگەوە شـەریعەت و تەریقەتی لەگەڵ یەکتری کۆکردبوویەوە، بەڵکو شەریعەتی وەپێش سۆفیگەری خست، ڕێبازەکەی بنیاتنا لەسەر حەوت بنەما: المجاهدة:تێکۆشان، التوکل: پشت بەخودا بەستان، حسن الخلق: ڕەوشـت بەرزی، الشـکر: سوپاسـگوزاری، الصـبر: ئـارامگرتن، الرضـا: ڕازیبوون لە هەموو بارێک، الصدق: ڕاستگۆی و نیەتپاکی، ئەم حەوت پـــایە بنەمـــای ئەم تەریـــقەتە بنەمـــای و هەمـــوو خێـــر و خۆشـــیەکە. (الجیلانی،٢٠٠٥، ١٣٢١)

سێیەمیان: ئامۆژگاری وەک هۆکارێک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خەڵک و چاکســازی کۆمەڵگــا و ئامۆژگــاریکردنی ئــوممەت بــۆ پێکەوەبەســتانی شـەریعەت و تەریـقەت بە کۆمەڵگا، جگە لەوەی لە کۆتـایی هەمـوو ئەم جۆرە دانیشتنە پڕ بەرەکەتانەی شـێخی گەیلانـی، پۆلێکی زۆر لەخەڵکی بەهۆی کاریگەرییەکانی فەرمایشتەکانی تۆبەیـان لەسـەر دەسـتی دەکرد و دەبــوونە شــوێنکەوتی ئەم ڕێبــازە پیــرۆزە، ژمــارەیەکی زۆریــش لە شـوێنکەوتەی ئایینەکـان لەسـەر دەسـتی دەبوونە موسـوڵمان، هەروەک ئیــبن جەوزی فەرمــوویەتی: (عەبــدولقادر لە قوتابخــانەی مــوخەڕڕەمی شـێخی، وانەی دەگـوتەوە و بە زمـانی ئامۆژگـاری قسـەی بـۆ خەڵکـی دەکرد، تا بە زوهد ناوی دەرکرد، قوتابخانەکەی پڕی خەڵک دەبوو، لای شوورەی بەغدا دادەنیشت و پاڵی بەتەکیەکەی دەدا و خەڵکێکی زۆر لە کۆڕەکەی تۆبەیان دەکرد. (البخاری،٢٠٠٧،١٥٩)

## زیکری قادری:

شێوازی زیکر لەم تەریقەتەدا بەشێوەی ئاشکرایە(جهري). پەیڕەوانی تەریقەتی قادری دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب(علیه السلام) هەمیشە بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا زیکرەکانی خوێندووە، هەر لەبەر ئەوە دەروێشانی قادری لەکاتی زیکرکردن دەنگیان بەرز دەکەنەوە و چەند جوڵانەوەیەکیشی لەگەڵدا دەکەن، بەڵگەی ئایەتیشی بۆ دەهێننەوە کە دەفەرمووێ:(**الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ**) **(تەوەککولی،٢٠١٥، ٢١٠)**. بەجێگەیاندنی ئەم زیکر و فیکر و سەیر و سلووککردنەش لە ڕێبازی قادری دا لە تەکیەکان ئەنجام دەدرێت، کە وەکماڵە باوکی دەروێش چاوی لێدەکرێ. تەکیە لە فەرهەنگدا بەمانای پاڵدان بەشتێکەوە، پشتبەستن و پەناگە دێت. تەکیە و خانەقا شوێنی کۆبوونەوەی دەروێشان و هەژارانی دەرگای خودایە، کە کاریان پەرستش و عیبادەت و پێگەیاندنی خۆیانە، لە کوردستاندا لە دێر زەمانەوە تەکیەکان ناوەندی سەرەکیی ناو کۆمەڵگەی کوردی بوون[٢] (کەسنەزانی، بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٢٢). شێوازی زیکرکردنەکەش بەم شێوەیە: بازنەیەک پێکدەهێنن و (سەرزیکر) لەنێوانیاندا ڕادەوەستێت و هەمووان قژیان بەردەدەنەوە و بەیەکەوە و نزیک لەیەک بە یەک جوڵە دەکەونە زیکرکردن. بە ئاماژەکانی (سەرزیکر) و پاش وەرگرتنی مۆڵەتی مەعنەوی لە شێخەکەی و داوای هاوکاری لێکردنی دەستدەکەن بە زیکر. لەم زیکرانەدا تەنها (دەف)و (تەپل)بەکاردەهێنرێت، کە تەپڵەکە بە

[٢]– تكية رباط الصوفية، مكان يعد لإيواء فقراء المسافزين (المعجم العربى الاساسى:٢٠١) التكية هى بمثابة معتزل للعبادة والتأمل، ورياضة النفس. (العقل الصوفى فى الإسلام، د: على شلق ٢٣)

دوو داری بچووک لێی دەدرێت هەندێکجار شمشاڵیش بەکاردێ بەڵام زۆر بەکەمی(**توکلی،١٧٣**).
مۆسیقاو لەراندنەوەی لەش لەلای دەروێشان چەند هۆیەکی دڵخوازن بۆ ڕاکێشکردنی حاڵەتی بێئاگایی کە پێیدەڵێن نەمان، ئەم حالەتەش بەلوتکەی تەریقەت دادەنرێت (**نیکلسون، ٥٣**).بەو پێیەی سەماع لە ڕەچەی قادریدا برەوێکی زۆری هەیە (**کەلاشی.لا١٧٣**).

- **پیر"مورشید"ی قادری:**

نازناوێکە بەسەر پیاوانی ئایینی ئیسلامی براوە، لە ئسولی تەریقەت دا هەموو وەلییەک مورشید نییە، بەڵام دەبێ هەموو مورشیدێک وەلیبێ شێخ یاخود مورشید باوکێکی ڕوحانیە (**مەستی، ٢٠١٨، لا:٩٥**).
مورشید یان پیر یان شێخ یان ئوستاد یان ڕێبەر یان دەلیل "ڕێنوین" هەمووی یەک شتە، ئەویش بە مامۆستایەکی شارەزا دەوترێ کە ببێتە ڕێنوین یا ڕێپیشاندەری ڕێبوار (**باقلانی،٢٠١٨، لا: ٢٠٠**).
ئیمامی غەزالیش فەرموویەتی: هەموو زانایەک شیاوی شێخایەتی نییە شێخی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە؛ وازی لە خۆشەویستی دونیا و پایە و پۆست هێناوە، شوێنی کەسێک کەوتووە و شێخێکی خاوەن بینای هەبووە و ئەویش شێخێکی وای هەبووە، تاکوو دەگەنەوە سەر گەورە و پێشەوای پێغەمبەران سەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت (**الغزالی ٢٠٢٠، ٥١**).
شێخی شەعرانیش کە زانایەکی مەزن و مەشرەب قادرییە؛ فەرموویەتی: ئاگاداربە نەبیە قوتابی وموریدی هیچ شێخێک، ئەگەر ئەو شێخە ڕۆنەچوبێ لە زانستە شەرعییەکان(**الشعرانی، لا:٩٠**).

- **دەروێشیی قادری:**

واتە دونیانەویست، هەژار، سۆفی، گەشتیار، وابەستە، ئاتاج، خۆپارێز، بەم شێوەیە هاتووە لە زۆربەی سەرچاوەکان(**عبدە:٧٨**). بەڵام سەرچاوەی دەستەواژەی "دەروێش" وشەیەکی فارسییە کە بەمانای "هەژار" دێ(**معلوف:٢٤٢**).دەروێش کەسێکە کە بەڕاستی خوا پەرست بێت، بە بەشی ئەو (خوا) دابکەوێ، دەروێشی: خواپەرستی و بە بەشی ئەو (خوا) داکەوتن (**خاڵ،١٩٨٤،٢٥٠**). دەروێش: عەوداڵ، بێ ماڵ و حاڵ، ڕەبەن، مریدی تەریقەتی قادری بە پرچ (**هەژار،١٩٩٠،٣١٣**). کەواتە دەروێشی واتە کەسێکە پشتی لەدونیا کردبێت و ڕێگای سڵووکی عاریفانی گرتبێتە بەر، بە تەواوەتی یەکلابۆتەوە بۆ ڕازی بوونی خودا. شێخی گەیلانیش فەرموویەتی: مورید "دەروێش" دەبێ بڕوای ببێت کە گەیشتن بە پلەوپێگەی بەرزی خوداناسی دەستەبەر نابێت، مەگەر بەهۆی تەوبەیەکی پاک و بێخەوش و لەڕێگای گوێگرتن لەقسەی پیاوچاکان (**الگیلانی،٦٦**).

## بەشی دووەم:

### تەوەرەی یەکەم: ئەدەب و سۆفیزم

ئەدەبی سۆفیگەری هەست و نەستی دەروونی ڕاستگۆیانەی سۆفیگەرە دەریدەبڕێت، وێنەیەکە لە ڕامانی سۆفیگەری، لەبەر ئەوەی لە سۆفیزمەوە پەیدابووە، کەواتە گیانێکە هەست دەکات و زمانێکە دەریدەبڕێت. ئەو هەڵبەستانەی کە دونیای هەستی دەریدەبڕن کردوویانەتە سۆزی گیانی وەک وەسیلەیەک بۆ دەربڕینی وەجد و حالەتەکەیان (**وەسمان،٣٣١**). بەگشتی شیعری سۆفیگەری لە کاکڵدا جۆرێکە لە باڵابردنی گیانێتی، واتە بەمەعقولکردنی مەعنەوی،

بەبەرهۆشکردنی بەرهەست، لە ئیشقی وێنەی هەستییەوە باڵا دەچن بەرەو دنیای گیان، دنیایەک پڕ لە خۆشەویستی و جوانی **(وەسمان، ٣٣١)** وەک سۆفیگەری ئیسلامی سەرەتا لە ئەدەبی زوهدەوە رسکاوە (**متولی١٩٨٤، ٢٠٤**). دواتر پشتی بە شیعری ئامۆژگاری و ئاکاری، ئینجا کلتووری غەزەل و تایبەتمەندی مەیخۆری(الخمریات).(**وەسمان، لا:٣٣٦**). بەم شێوەیە شیعری سۆفیگەری وەک بەشێک لە ئەدەب لە تەک شعری سیاسی و شعری ئاکاری و ئامۆژگاری و ستایش، بوون بە بەشێک لە مژارەکانی شیعر (**ضیق، ١٩٦٥، ٦٢**). لەناو نەتەوەی کوردیش شیعر و غەزەلیاتی شێوازی سۆفیگەری گرنگی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدە کە سێکوچکەی بابان دامەزرا و بووە برەودانی زیاتری ئەم ڕێبازە لە ئەدەبی کوردی و بەزۆریش چینی شاعیران شێخەکان و مەلایەکان پێشەواتیان دەکرد، بە هۆکاری بەرزی ئاستی هۆشیاری و پلەی خوێندەواریان جگە لەوەی ئەهلی زەوق و دەربڕینی پڕ سۆز بوون، یەکێک لەو شاعیرە ناودارانەی ئەم ڕێبازە کاک مستەفا (سافی هیرانی)یە.[٣]

---

[٣]–کاک مستەفای کوڕی کاک عەبدوڵڵای سانیە لەساڵی **١٨٧٣** لەهیران لەدایک بووە، سەرەتای خوێندنی لەهیران دەستپێکردووە دواتر چۆتە شارەکانی کۆیە و هەولێر ڕواندز و سەران و بەشێکی خوێندنیشی لە لاجان و سابلاخ و پەسوێ تەواوکردووە. لەدوای باوکی وەک جێنشین بووەتە کاکی هیران وەک ڕێبەرێکی مەزنی تەریقەتی قادری دەرکەوتووە، لەساڵی**١٩٤٢** کۆچی دوای کردووە و لە مەزارگەی مەرقەدانی هیران نێژراوە. کە شیعرەکانی خول دەدەنەوە لە ڕێبازە سۆفیگەریەکەی کە تەریقەتی بنەماڵەکەی قادریە.

**تەوەرەی دووەم: سۆفیگەری و عیرفان ڕەنگدانەوەی قادریبوون لەناو شیعرەکانی سافی هیرانی**

ئەوەی ڕوون و نەشاراوەیە لە شیعرەکانی سافیدا ئەوەیە کە لایەنی سۆفیگەریان بەسەردا زاڵە و بەتێر و تەسەلی زاراوەی تەسەوف و حاڵ و مەقاماتەکانی سۆفیانەی ئاخنیوەتە نێو شیعرەکانییەوە، نەشئەو نمایەکی واشی پێبەخشیوون لە رازاندنەوە و جوانکاریدا؛ کە دووربن لە وشکی و کاڵی (**مەلا مستەفا، ٢٠١٦، ٩٤**). بەو پێیەی سافی هیرانی جگە لەوەی شاعیرێکی بەرزی قوتابخانەی سۆفیگەری ئەدەبی کوردییە، مورشیدێکی مەزنی ڕێبازی قادریش بووە، بۆیە لە زۆربەی شیعرەکانیدا گەر بە ئاشکرا ناوی شێخی گەیلانی نەهێنێ بە رەمز و ئیشارە بەرەو لایدا چووە:

**مەتافی سالیکان و ڕەهنوما و کەعبەیی عوشاق**

**دەر بازی خودا، کانی وەفا، سوڵتانی گەیلانی**. (هیرانی،٢٠١٥، ٢٨)

چونکە سافی لەدوای باوکی کاک عەبدوڵلای سانی لەتەمەنی سی وسێ ساڵی لەسەر بەرماڵی مورشیدایەتی دانیشتووە لەسەر ڕێبازی قادری وەک شەشەمین پشت لە بنەماڵەکەی کە لە باپیرەگەورەی شێخ سولەیمانی هیرانییەوە ئەم ڕێچکە لە بنەماڵەکەی دامەزراوە:

**ئەی شاهی لە هیرانی، مەئزوونی لە گەیلانی**
**حەقا تۆ سولەیمانی، دەردم تۆ دەواییکە**
**ئەی جەددی وەفادارم، نەسلی تووە موختارم**
**بنوارنە ئازارم، تەدبیری چ ڕاییکە**
**ئەی سافیی هیرانی، ئەولادی عەلی و سانی**
**چارەت لە پەڕێشانی، دەرگانەیی شاییکە**(هیرانی، ٢٠١٥، ٣٠٨-٣٠٩)

لەم چەند دێڕە شیعرەدا چارەی خۆی دەبەستێتەوە بەم ڕێگا پیرۆزەی کە بۆی ماوەتەوە لە خانەوادەکەی بە ڕێگەپێدانی شێخی گەیلانی، بەدڵێکی بڕ لە سۆز و جۆشەوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەی مورشیدە مەعنەوییەکەی کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە کە بەهۆکاری شێخ موستەفای قوتبی شام، کە لە تەریقەتدا بنەماڵەکەی زنجیرەکەیان دەچێتەوە سەر ئەم زاتە. سافییش بۆ ئەوەی بەردەوامبێت و ئەمیش ببێتە هۆی پێگەیاندنی کاروانێکی ڕێبوارانی خوداناسی؛ ئەوە بەبیر خۆی دەهێنێتەوە کە بە ڕێگەگرتن و داوای ئیمداد و کۆمەک لە ڕۆحیانەتی ئەم دوو زاتەدا، دەگات بە مەرامەکەی:

**ئەگەر سافی مەرامت هاتنەوەی یارە بڵێ دائیم**

**مەدەد یا موستەفای شامی، دەخیل یا شاهی بەغدایی.(هیرانی،٢٠١٥، ٣٠١)**

لە چەند دێڕە شیعرێکی تریدا؛ شاعیر زیاتر هانا بۆ روحی پیرۆزی شێخی گەیلانی دەبات وەک ڕێبەر و پێشەوا و ڕێنیشاندەری خۆی دەبینێ. بۆیە داوای بەهاناوەهاتن و دەستگرتی لێدەکات و دەیکاتە شاهێد بەسەرخۆیەوە:

**ئەی شاهیدی بەغدایی، تۆ مەلجەء و مەئوایی**

**هەر دەم دڵی سەودایی، موحتاج بە دووعایێکە**

**ئوستادی و پیری تۆ، هەم شاهـ و ئەمیری تۆ**

**موددێکە فەقیری تۆ حاجەت بە سەخایێکە**

**مەنوارە وەفایی من، بنوارە جەفایی من**

**عالەم لە سەدایی من، هەر دەم لە جەزایێکە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٣٠٧-٣٠٨)

شاعیر گەیشتن بە ڕێچکەی باوباپیرانی دەبێستێتەوە بە وازهێنانێکی تەواوەتی لە دونیای فانی و، خۆیەکلاکردنەوەیەکی تەواوەتی بە

ڕێگەگــرتنەبەری ڕێــبەرە مەزنەکەی، کە بەخــتەوەری تەواوەتــی لەم ڕێگایەدا دەبینێت:

**وەرە سافی بکە تەرکی هەوای دونیایی هیچ و پووچ**

**بە ئیخلاس ڕوو لە بەغدا کە مەڵێ بەختم نیگونسارە.** (هیرانی،٢٠١٥، ٢٢٩)

نەپچڕانــی زنجیــرەی پەیوەنــدیی نێــوان ئوســتاد و شــاگردانی ئەو تەریـقەتەش؛ شـەونخونی وخۆئامـادەکردنی بـێ وچـانی تەواوی دەوێ، هەمیشــە مرۆڤــی تەریقەتــدار دەبــێ جــوڵانەوە و بیرکــردنەوەی بە خواپەرسـتی و کـردەوەی چـاک مشـتومار بکـا، خـۆبەکەمزانین و خـۆ دوورخستنەوە لە کاری نەنگ؛ پێناسەی پیاوانی کاروانی تەریقەتە، بۆیە ســافی هانــا دەبــاتە بەر تــوربەتی ئەو قــوطبە رووحیــیە کە "شــێخ عبدالقادری گەیلانی"یە لە دەرگای ئەودا بە ویقاڕ و ڕێزەوە دەوەستێ، چـونکە بە یـاری ڕاسـتەقینەی دەزانـێ بـۆ پیشـاندان تـا دەگـاتە پـلەی شــادبوون بە جەمــالی پــاکی پێغەمــبەر(درودی خــودای لەســەربێ) و ڕەزامەندی خوای گەورە کە دەلیل و خولقێنەرە:

**ئومێدی زۆر هەیە صافی نەجاتی بێ لەغەم چونکی**

**دەلیل مەولاو ئەحمەد یاوەر ویاربازی گەیلانە** (هیرانی، ٢٠١٦، ٩٥).

یەکەمین قۆناغ لەو قۆناغانەی کە ڕێبواری ڕێگای سۆفیگەری لە ڕێبازی قادری دا دەبێ پێیدا بڕوات بۆ بڕینی قۆناغەکان؛ بـریتییە لە تێکۆشـان، ئەوەش بەوە دەبێـت کە نەفســی خــۆی تیــادا بشــکێنێ لە ئــارەزووە دونیاییەکان و دەسپێکیشی نواندنی ڕەفتاری پڕ لە خاکیبوون سادەیی و "تەوازوع"ــە، کە پەیوەســتی تەواوی لەســەر دەکرێــت لای قــادری مەشــڕەبان، بــۆیە لەم قۆنــاغەوە حــالەتی کەمنەفســی و خــاکیبوون بەتەواوی بەســەر ئەو کەســەدا زاڵ دەبێـت و بەردەوامــی دەبێـت تــا کۆتـایی. ئینجـا بەرهەمەکـانی ئەم ڕێگـایەی بەپێی بڕینـی قۆناغەکـان بـۆ

جیلوه دەبێت، هەروەکوو مەولانا فەرموویەتی: ببە بەخاک تاکوو گوڵ بگری. بەم پێیە چەندی ڕێبوار کەمنەفسی بنوێنێ و خاکیبوون نیشان بدات، بە قەبارەی ئەوە نیشانەی گەورەیی پلەکەی و مایەی قبوڵکراویەتی،(وَما تَوَاضَعَ أُحُدٌ إِلاّ رَفَعَهُ اللهُ).[٤] جگە لەوەی کە شێخ سولەیمانی باپیرەگەورەی سافی بنەمای ڕێبازەکەی لە بنەماڵەکەی لەسەر دوو خاڵ داناوە " التواضع و الخدمة"خاکیبوون و سادەی، و خزمەتکردن (مەستی، کاکی هیرانی،٢٠٢٤، ٢١). بۆیە سافی هەر لەسەرئەم ڕێبازە لە چەند دێڕە شعرێکیدا ئاماژە بە تێکۆشانی خۆی کردووە لە نەفسشکاندن، تاکوو قبوڵکراوی دەرگای یارەکەی بێت، بەلای ئەویشەوە گەورەترین پلەو پێگەیە:

**گەر غولامیم پێ کەڕەم کا پادشاهیم کەی دەوێ؟**
**جێم لەبەر دەرگانە بێ، ڕوتبە و نیشانم بۆ چییە؟(هیرانی، ٢٠١٥، ٢٦٣)**

شاعیر بەردەرگای یارەکەی پێ لە هەموو پلەوپایەیەکی دونیایی پیرۆزتر بووە و، تەنانەت پادشایەتیش لای ئەو ناگات بەوەی کە یارەکەی ئەوی وەک بەندە پێ قبوڵکردبێ، هەروەک قوشەیری دەگێڕێتەوە لە مامۆستاکەی ئەبوعەلی دەقاق کە بەندایەتی(العبوية)، لە پەرستش(العبادة) تەواوترە، یەکەمجار پەرستش پاشان بەندایەتی و ئینجا کۆیلەبوون(العبودة) (**قوشەیری،٢٠١٦، ٣٦٥)**.

**لە دەرگانەت ئەگەر دەستم کەوێ خاکێ بە سەرما کەم**
**لە لای خۆم قیبلەکەم، تاجی کەیانم وا لەسەر ناوە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٣٩)

---

٤– أخرجه مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، باب استحباب العفو والتواضع، ورقم الحديث (٢٥٨٨)، الجزء والصفحة: (٤/ ٢٠٠١).

لە واتـــای ئەم دوو دێـــرەی ســـەرەوە دەردەکەوێ؛ شـــاعیر هێنـــدە ئارەزوومەنـــد و بەحەســـرەتە بـــۆ گەیشـــتن بە یـــارەکەی، بەڕادەیەک تەنانەت گەر خاکی بەردەرگانەی دەسکەوێ و بەسەرخۆی دابکا، ئەوا هەست دەکات کە تاجی شاهانی ناوەتە سەر و بووە بە پادشای جیهان. ئەم پێگەیە؛ پێویستی بە خۆڕاگری و بەردەوامی هەیە، تاوەکوو شایانی ئەوە بـێ بەردەرگـای یـاری بەتەواوی پـێ ببەخشـرێ، سـافیش دوای ئەوەی گەیشـتۆتە ئەم پـێگەیە و بەردەوام سـلوکی دەروونـی پێکـراوە تـــاکوو دامەزراوەی وەرگـــرێ لەم مەقـــامە. لە دێـــڕە شـــعرێکیدا ئەم بـارودۆخەی خـۆی ڕوون دەکـاتەوە کە لەپێنـاو مـایەی وەرگرتنـی بەر دەرگای یاری هەموو زیللەتێکی چەشتووە و چاوەڕێی قبوڵبوون دەکا و دەڵێ:

**سافی لەبەر دەرگانەت کەوتە سەر خاکی زیللەت**
**چاوەڕێی لوتفی تۆیە، جانا لە ڕێی خوداوە.**(هیرانی،٢٠١٥، ٢٤٩)

لە کۆتای چوارینەیەکیدا دەڵێ:

**ئەی بادی سەبا قاسیدی جانانی ڕوحئەفزا**
**نامەی غەم و دەرد و ئەلەمم بۆ بەرە بەغدا**
**تا چەند لە ئەو میحنەتەدا بێ سەگی دەرگا**
**مووددێکە وەکوو سافی کە شێواوە دڵی من**(هیرانی،٢٠١٥، ٣١٧)

تەنـانەت بەشـێوەیەکی وەهـا نەفسـی خـۆی شـکاندووە، تـا خـۆی بە کەمتـرین زینـدەوەر یـاخود لەویـش کەمتـر لەقەڵەم دەدا و لەم بـوارەدا پێشـبڕکێ لەگەڵ گەورە پیـاوانی عـاریف و ڕەنـدی ڕێـگەی سـۆفیگەری دەکات و دەفەرموێ:

**ئەگەر جارێکی تر فەرمووی سەگی دەرگای منە سافی**
**هەتا مەحشەر بەسە بۆ من مەقامی عیززەت و جاهم.** (هیرانی،٢٠١٥، ٢١٢)

لە کۆتایی دێڕە شعرێکی فارسیدا دەڵێ:
**کە صافی کلب گیلانست ز اولاد سلیمانست**
**زعشق سینە بریانست مدد یا ساکن البغداد.** (هیرانی،٢٠١٥، ٤٦٧)
چونکە پیر و مورشیدی مەعنەوی سافی؛ شێخی گەیلانی بووە، هەربۆیە سافی دەرگای گەیلانی زۆر بە پیرۆز زانیوە و بەڕای ئەو دەبێ قوتب و ڕەندان هەموو دەبێ لە خوانی کەرەمی گەیلانی بنۆشن، بۆ وەدەستهێنانی جاهـ و مەقامی بەرز:
**محتاج دهر غوثند اقطاب دهر سافی**
**خوان سخای عشق است درگاه باز الاشهب**(هیرانی،٢٠١٥، ٤١٣)

ڕێبواری ڕێگای سۆفیگەری ئامانجی سەرەکی هۆکاری دروستبوونی ئادەمیزاد بەجێدەگەیەنێ، کە بریتییە لە ئەنجامدانی پەرستش و عیبادەت بۆ خودای گەورە(**وماخلقت الجن والانس الا لیعبدون**)(الذاریات ٥٨) موریدی ئەم ڕێگایە هەموو ژیان و هەناسەیەکی بۆ ئەم ئامانجە تەرخان دەکات، بەشێوەیەکی وەها کە هەموو کات و ساتێکی هۆشی لەخودا پەرستی بێ و دووربکەوێتەوە لە هەموو ئارەزوو و خۆشیەکی دونیای، (**خلقتک للعبادە فلاتلعب**)(**الالوسی،٥/٥٧**) بەشێوەیەکی وەها تێبکۆشی تا دەگات بە پلەی(**یحیبهم و یحیبونهم**)(المائدة ٥٤) (**رضی الله عنهم و رضوا عنە**)(التوبة ١٠٠) جگە لەوازهێنان لەدونیا، تەنانەت هەندێکیان واز لە دوارۆژیش دەهێنن، واز لە بەهەشت و هەموو خۆشیەکانی ناویشی دەهێنن تەنها ڕازیبوونی خودایان مەبەستە.
هەروەک پێشەنگی عاریفان ڕابیعەی عەدەوی فەرموویەتی: خوایە گیان لەم دونیایە هەر چیت بۆمن داناوە بیدەرە بە دوژمنانی خۆت، لە دوارۆژیش چیت بۆ داناوم بیدە بە دۆستانی خۆت، من تەنها تۆم بەسە!

(**نەیشاپوری، ١٤٣/١**). سافیش کە لە پێشەنگ و مەزنانی ئەم ڕێگایەیە، ئەو بارودۆخەی خۆی کە شایانی خزمەتچی یارەکەیتی دەشوبهێنی بەوەی کە لە هەموو خۆشیەکانی بەهەشتیش خۆشترە. ئەمەش پلەیەکی بەرزی عاریفانە:

**خاکی بەر دەرگانەکەی سەد باغی فیردەوسە لە لام**

**ئاستانەی ویم نەبێ قەسری جینانم بۆ چییە؟**(هیرانی،٢٠١٥، ٢٦٣)

لەکۆتایی ئەم دێڕە شعرەدا دەڵێ:

**چم لە جێی عیسایی مەریەم سافییا بێ وەسڵی یار**

**ڕوتبەیی ئەعلامەقام و لامەکانم بۆ چییە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٦٣)

ئەم خاکەراییە؛ جگە لەوەی سیفەتی مەزنانە، مانای گەورەی پلەو پێگە روحییەکانیشیانە، واتە لە ڕێبازی سۆفیگەری بەقەدەر نەفسشکاندن پلە و پێگەی روحی بەرز دەبێ. سافییش لە دیوێکی تری شیعرەکانیدا ئەم پێگە روحی بەرزانەی بەتەواوی تیادا بەدیار دەکەوێ. خودی شیعرەکانی صافی کە پێشاندەری ئەوەن لە پشت ئەم کەلام و دەربڕینە جوانانە، زۆر ڕاستی و مانای عیرفانی شاردراون، کە دەرخەری بڕینی قۆناغەکانی عیرفانن لەلایەن شاعیر و شەیدابوونی شاعیر نیشان دەدات بە جیهانێکی باڵاتر لەم جیهانە و مەعشوقێکی بەرزتر و جوانتر لە دولبەرە دلڕفێنەکانی ئەم دنیایە. (**نیهاد،٢٣،٢٠٢٣**). چونکە سافیش خۆی مورشیدێکی کامل بووە لە (فناء فی الغوث)ەوە دەستی پێکردووە، بەرە بەرە سەرکەوتووە بۆ (فناء فی الله).(**حەسەن،١٩٩٣، ٣٩**) هەروەک دەڵێت:

**بیرون شدم از صومعه المنت لله رفتم بدر دیر توکلت علی الله**

**دا دند بما رأیت النصر من الله ازهمت مولا و توکلت علی الله**

(هیرانی،٢٠١٥، ٥٦٦)

واتە: ڕایەی (نصر من الله) تەنیا لەدەست پێغەمبەردا بووە، جا سافی لێرەدا دەڵێ: ئالاًی (النصر من الله)یان دامێ، ئەم ئالاًیەش کە لەلای پێغەمبەر بێ دەبێ هەر ئەو بیداتێ و بەڕێی بکات، واتە مەبەستی ئەوەیە بڵێ پێغەمبەر(د.خ) منی بەڕێکرد بۆ خۆشەویستی خودا.

کە لە ڕێبازی سۆفیگەریدا، ئەولیا مەزنەکان دەگەنە قۆناغی ویلایەتی کوبرا و نزیکبوونەوە لە دائیرەی فەردییەت، دەبێ ئەم ئاماژەیان لە پێغەمبەرەوە بۆ بکرێ و واسل بەخودا بکرێن، جگە لەو ئاماژەیە کە سافی پێگەی خۆی نواندووە ئاماژە بە عیشقە ڕەهاکەشی دەکات، کە قۆناغەکانی(فناء فی الرسول)یشی بڕیوە و گەیشتۆتە کۆتا قۆناغ کە (فناء فی الله)یە. ئەوەش ئەو قۆناغەیە کە پشکۆیەک لە ئاساری جیهانی ناسووت و دونیاگەڕای نامێنێ لەدڵی ئەو کەسەی بەم پلە بەرزە گەیشتووە وەک دەڵێن: ڕۆیشتن نە وێنە نە ئەسەر نەمایەوە، لەم دێڕەی دوایشدا شاعیر ئاماژە بە بەقای پاش فەنابوون لە خودا کردووە:

**لەجیلوەی نەفی و ئیثباتی تۆ وەک (صافی)بەڕۆژ و شەو**

**دەمێ بێهۆش و سەرمەستم دەمێ بێدار و هۆشیارم**.(هیرانی،٢٠١٥، ١٩٧)

جیلوە نایەتە بەرهەم، تەنها پاش خلوە، بەمانایەکی تر؛ بەقا نایەتە دەست تاکوو فەنا نەبڕدرێت، چونکە: جیلوە حالەتێکە لەپاش خلوە بۆ ڕێبواری تەریقەت دەست دەدا. صافی لەم دوو دێڕەدا مەبەستیتی کە هەمیشە لە جیلوەی زکری نەفی و ئیسباتە، کە زکری "نەفی و ئیسبات" بۆ ئەهلی تەریقەت بەتایبەتی "قادرییەکان" ویردی بەردەوامیانە.. بەردەوام صافی خلوەی لەم زکری "لاالەالاالله" بەستوە، بۆیە بەردەوام لە جیلوە و موکاشافەی ئەم زکرە دایە، بەمانای ئەوە نوری جیلوەکردن بەدواییەکدا ڕوو لە دڵ دەکەن و بەسەریدا دەبارێنن، بەبێ ئەوەی پۆشەر و بڕین بکەوێتە نێوانیانەوە. وەک چۆن گەر شەوی تاریک بە

بەردەوامی ڕۆشنایی رووی لێ بکات دەگۆڕێت بۆ ڕۆژ دڵیش هەر بەو جۆرەیە گەر بەردەوامی جیلوە رووی لێ بکات، دەگۆڕێت بۆ ڕۆژ و شەوی تێدا دەپچڕێتەوە.

عیشق و عیرفانی ئیلاهیش دەسپێکی هەیە، بەڵام بێ کۆتایە! چونکە غایەکەی فەنابون و بەقابوونە لە یار، بۆیە عیشق و عیرفان دەسپێکی هەیە چونکە لەلایان خودی ڕێبوارەوە دەست پێدەکات، کە ئەوکات خاوەنی نەفسی شەهوانی و هەندێ سیفاتی ڕەزیلەیە.. بەڵام بۆیە بێ کۆتاییە چونکە پاش ئەوەی نەفسی نەما و سیفاتی بووە ڕەحمانی.. روحەکەی باقی دەبێ لای زاتی باقی، کە خودایە، خوداش خاوەن کۆتای بێ ڕەهایە..(**کل من علیها فان ویبقی وجه ربک ذولجلال والاکرام**) (الرحمن: ٢٦-٢٧).

حەزرەتی صافی لەم قۆناغەی دا دەڵێت:

**لە بەحری عیشقی ئیظهاری غەواصیم کرد و نەمزانی**
**هەزار غەواصی وەک من لەم عەمیقی گێژە داماوە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٤١)

شاعیر لەم دێڕەدا باسی حالەتێکی خۆی دەکات کە لە عیشق و عیرفان گەیشتۆتە پلەیەکی ئیجگار بەرز کە "غەواصیە" یەکێکە لە پێگە هەرەمەزنەکانی عاریفان، لە سۆفیگەری بە کەسێک دەگوترێ غەواص: لە پلەو مەقامە هەرەبەرزەکان بێ و بەقای پاش فەنای بڕیبێ و خاوەن ویلایەتی کوبڕا بێ.. هەروەک چۆن غەواص لە ژێری ژێرقوڵای دەریادا دەڕوات، واتە سالیک چووبێتە قوڵای نێو ئەم بازارە. مەبەستی شاعیر ئەوەیە: لەم دەریای عیشقە کە بێ کۆتاییە خۆم بە مەلەوان زانی و بەشێوەکی وەها کە گەیشتمە قوڵای ئەم دەریایە و وەهام پێشاندا کە شارەزام و چاکی لێ دەردەچم، بەڵام کاتێک گەیشتم بینیم لە پێش من

بەهەزاران مەلەوان لەنێو قوڵایی ئەم گێژاوەی دەریادا سەرسام و حەیران و سەرگەردان بوون و نەیانتوانیوە لێی دەربازبن.. چونکە هەروەکوو گوتمان بێ کۆتایە..! عاریفی مەزن ئەبو یەزیدی بەستامی کە ناسناوی ڕۆیشتوە بە" غواص فی البحار التوحيد والاسامي" دەربارەی ئەم مەقامە دەڵێ: **(خضت بحرا وقفت الأنبياء بساحله).** (الصاوی ٢٠٢١، ب١/٢٠٠) واتە: من لە دەریای مەعریفەت و خوداناسیدا ڕۆچووم و پێغەمبەرانیش لە ڕۆخ دەریا وەستاون!

ئەوپەڕی ڕۆچوون لەم پلەیە؛ کاری کەسانێکە کە خودای گەورە بەخۆی هەڵیبژاردبن و دەرچەیەک لە غەیبیاتی مەعریفەتی خۆی بۆ جیلوە کردبن چونکە زاتی خودا تەنها بەخۆی، خۆی بەتەواوەتی دەناسێ، هەروەکو شێخ جونەیدی بەغدادی دەفەرمووێ:**(بأنه لايعرف الله الا الله)** (الصاوی ٢٠٢١، ب١/٢٠٠) لە فەرموودەیەکیش هاتووە: " **إن الله احتجب عن البصائر كما احتجب عن الابصار وإن الملأ الأعلى يطلبونه كما تطلبونه أنتم** (الزبيدی،١٣١١هـ، ٩/ ٥٩٧). سافی لەم بارەیەوە دەڵێ:

**شەئنی تووە بۆ جیلوەیی مەعنی هەموو عالەم**
**لاهووتی و ناسووتییە گەرچی لە حیسابێ**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٧٨)

واتە: تەنها لە توانای تۆدایە بە ئاشکرابوونی مەعنەویات و نوری خودای بۆ دڵی سالیک چ لە عالەمی "لاهووت"ی کە تایبەتە بە زانستی ناسین و پەرستنی خودا، چ لەودیو جیهانی "لاهووت" کە "ناسووت"ـە عالەمی ماددیگەراییە.

کاتێک عاریف دەگاتە پلەکانی سەرەوە و ئاشنای حەقیقەتە تایبەتەکانی مەعریفەتی یەکتایی حەق دەبێت، ئینجا تێدەگات کە ئەم سەحرای خوداناسینە کەنارەکەی دیار نییە، هەرچەندە ژیری چاو بەکاربهێنێت بۆ

ئەوەی ئەوسەری ببینێت ئاو مرواری لەچاوی دێت و نابینێت، ئەمەش قۆناغێکە کە زانستیش تیایدا تووشی هەناسەسواری دەبێت، بۆیە شاعیریش پێی وایە لەم پێگەیدا هەوڵدان بۆ ناسنی خودا بە ڕێگەی عاقڵ هەڵەیە و بۆ شتێک دەگەڕێت کە لەبەردەست دایە(تحصيل الحاصل) (**شەبەستەری، ٢٠١٨،٨٢**). چونکە بوونی خودای پەروەدگار لەهەموو وجودەکان زاهیرترە بەشێوەیەک کە خۆی بەخۆی زاهیرە، پەیدابوونی بوونەوەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بەدیهێنراوەکان هەموو بەبۆنەی وجودی زاتی خوداوە ڕۆشن بوون، بۆیە سافی کە لە ناسینی خودادا گەیشتۆتە پلەی "حق اليقين" خەڵقکردن و هێنانە وجودی دروستکراوانیش بە سەلماندنێکی تەواو و بێگومان دادەنێت لەسەر بونی خودا. لەم بارەیەوە دەڵێ:

**ئیسباتی وجوودی تووە ئەڕواحی فەریقەین.**
**تەسدیقی ئەلەست چ «نەعەم» بێ چ «بەلا» بێ.**(هیرانی،٢٠١٥، ٢٧٨)

هەر لەم شیعرەشدا شاعیر لە دێڕی دواتر دا ئاماژە بەو کاتە کردووە کە هێشتا جیهانی روح بووە و گیانەکان بەبەر لاشەکان نەکرابوون، وەڵامی ئەوکاتی درووستکراوان هەرچیەک بووبێ تازە لای سافی، خودا زاتی "واجب الوجود" و کاری بە قال و قیل ی کەس نەماوە. بە هەمان شێوە لە بەیتە شیعرێکیدا ئاماژە بەو کاتە دەکاتەوە بە بارودۆخێکی ترەوە و دەچێتە بنج و بناوانی رووداوە ئەزەلییەکان، خۆی دەبەستێتەوە بە پەیمانی..أرواح..لەگەڵ زاتی خودا، زەمەن هێند بەگورجی دەبڕێ خۆی لە عالەمی (أجناس) دادەپەڵۆسێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە کە ڕۆح بووە، وەڵامی خودای گەورە بە بلی"داوەتەوە، کاتی

کەخوای گەورە فەرموویەتی((ألستُ بِربکم))بەڵام شێوەی راز و نهێنییەکی ئەوتۆ کە لای خامەدڵان بەلاڕێ و لادەر لە قەڵەم بدرێ:

**ڕوح مەستە لە ڕاحی تو لەنێو عالەمی ئەڕواح**

**باتن لە «بَلَىٰ» دایە و زاهر لە «نَعَم»دا**.(هیرانی،٢٠١٥، ٣٤٠)

کە ئەمەش ئیشارەتە بۆ ئایەتی (..ألست بربکم قالوا بلى..)(الاعراف ١٧٢) کاتێک خودا گیانی ئادەمیانی دروست کرد فەرمووی: (ألست بربکم) واتە: ئایا من خودای ئێوە نیم؟ هەندێک بە "نعم" و هەندێ بە "بلی" وەڵامیان داوە کە "نعم و بلی" لە زوبانی عەرەبی دوو پیتی جەوابن لە وەڵامی پرسیاردا دێن و لە شێوازی پرسیاری "استفساری" بە "بلی" وەڵامی ئەرێنی دادەمەزرێ و بە "نعم" وەڵامی نەرێنی دادەندرێ. مانای وایە شاعیر مەبەستیەتی کە رۆحی ئەو بەو بادەی جیلوە و تەجەللای تۆوە مەستە کە لەڕۆژی "عهد"ی "ألست" پێی شادبووە و ئەو مەستی و خرۆشیەی وای لێکردووە کە لە خۆشیان دەمی پێ نەجولێ و بڵێتن "بلی" لەوەڵامدا، بۆیە لای هەندێ کەس وایە کە ئەو لە جوملەی ئەوانەیە کە باوەڕیان نەهێناوە، بەڵام شاعیر دڵنیای دەدا کە بە غەیری خودا لە دڵی دا کەس نیە پشتی پێ ببەستێ و هانای بۆ ببا. ئەوەش ئەو کاتە بووە کە باوەڕدار و بێ بڕوا و بەشەکانیان تیایدا جیاکراوەتەوە: (**إنَّ اللهَ خلق الخلقَ في ظُلمةٍ فألقى عليهم من نورِهِ، فمن أصابه من ذلك النُّورِ اهتدى، ومن أخطأه ذلك النُّورِ ضلَّ**) (اخرجه ابن حبان فی صحیحه ٦١٦٩ من حدیث ابن عمر).

سافیش کە زانیتی بەشێکی تاییەتی لەم نور و باوەڕەوە وەرگرتووە بەوەی وەڵامی "بلی" هەڵبژاردووە و بۆتە ئەهلی حیکمەت و حەقیقەت ناسی (**يُؤْتِى الْحِكْمَةَ مَنْ يَّشَآءُ وَ مَنْ يُّؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ اُوْتِىَ خَيْرًا كَثِيْرًا وَ مَا يَذَّكَّرُ اِلَّآ**

**أُولُوا الْأَلْبَابِ)** (البقره ٢٦٩) دەربارەی نهێنی ئەم کارەش لە بەیتە شعرێکی تریدا دەڵێت:

**ئەم سیرڕەیە پەنهانە بۆ عا لەمی عیرفانە**

**تۆخۆت مەکە دێوانە هەر (قالوا بلى) بێکە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٣٠٤)

لە دێڕە شیعرێکی تردا مایەی ڕوونبوونەوەی ئەم نهێنیە دەبەستێتەوە بە ڕادەی عەشق و ئەوینەوە، دەڵێت:

**ڕەفیقانم کەسێ عاشق نەبێ لەم سیرڕە نازانێ!(هیرانی،٢٠١٥، ٣٣٩)**

لە سۆفیگەریدا قۆناغ و مەقامەکانی بەوێنەی دەریاییێکە، کە هەر دەریایێ لە دەریای پێش خۆیشی فراوانترە، عاریف پاش دەرچوونی لەم دەریایانەدا خۆی دەبینێتەوە لە دەریایەکی تردا کە ئەمجارە هیچ شتێ نابینی جگە لە زاتی حەق((الله)) کە تەماشا دڵت دەکەیت؛ دەبینی دونیا بە گشتی(مەحو)و ڕەش بۆتەوە و هەموو ئەغیارەکانت ڕۆیشتوونە! ئینجا گەیشتووی بە پلەی(تَجَرُّد) واتە: یەکلابوونەوە بۆ زاتی حەق کە یەکێکە لە مەقامە هەرەباڵاکانی تەسەووف**(قلوبُهم مَصابيح الهُدى يُخرجُون مِن كُلِّ فِتنَةِ عَمياءِ مُظلمة)**[٥].عیشقی خودا لای سافی بە شێوەیەک بووە کە هەموو شتێکی بە ئاوێنەی بوونی زاتی خودا زانیوە، کە ئەمەش یەکێکی ترە لە مەقامی بەرزی خوداناسان لە ڕێبازی سۆفیگەری وەک شێخی گەیلانی لە دوو دێڕە شیعریدا فەرموویەتی:

**چاوم ناوێ گەر لە پڕکیش سەیری جگە لەو بکا**

**هەر ئەوەم پێ چاکە چاوم نوری ڕووی ئەو ببینێ**.(مەستی، قادری،٢٠٢٢: ٦٥)

---

[٥]- رواه:الإمام مالک فی الموطأ

سافیش گڕی ئەوینێکی لەدڵدا کڵپەی سەندبوو، ئەویش ئەوینی خودا بوو، خەو و خۆراکی لێ حەڕام کردبوو، تەنها گرنگی بەو شتانە دەدا کە شێوەی خۆشەویستەکەی خۆی تیادەبینی؛ ئەویش هەموو شتێکی جوان بوو(**ئەحمەد،١٩٩٣**، ٤٠). لەم پێگەیەدا کە عیشقی خودای لەدڵدا چەقیوە، و تەجەلی نوری زاتی خودای لەسەر هەموو دروستکراوێک لە زەمین تاکوو ئاسمان دیوە لەم بارەیەوە دەڵێت:

**خاڵی نییە ئەسڵا لە تەجەللایی جەماڵت**

**هەرچی لە سەراتا بە سەما جیلوەنوما بێ**.(هیرانی، ٢٠١٥، ٢٧٩)

لەکۆتایی ئەم بەیتەشدا دەڵێت:

**جوزئێکی سیفاتە دوو جیهان ئەوەڵ و ئاخر**

**سیرڕێکە لە زاتا چ خەفا بێ چ جەلا بێ**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٧٩)

واتە هەرد دونیا بەشێکە لە سیفاتی (ألأول و ألأخر) کە زاتی خودای هەر هەبوو و هەر دەمێنێ، ئەمەش سرڕێکە لە زاتی "واجب الوجود"ی خۆیەوە چ بەنهێنی و چ بە ئاشکرا بێ.

عاریفان بەم(تەجرید)و یەکلابوونەوەش (تەنزیهـ)و پاککراونەتەوە لەهەموو "ظُلُمات" و تاریکایی و گوناه و سیفاتێکی ناپەسند و نەفسی شەهوانی...دەریاکان بەردەوام هەر شەپۆڵ دەدەن و ئەمجارە لە مەقامی (تەفرید) سەر هەڵدێنی کە لە نوور و تەجەلییاتی زاتی حەق زیاتر هیچی تر نابینی.. ئینجا لە تەڕەف زاتی حەقەوە موناجاتی لەگەڵ دەکرێ و پێت دەفەرمووێ:(**(إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ)**)(القصص ٣٠) لە مەستی ئەم نوور و موناجات و مەعریفەت و ناسینەدا هەنگاوەکان خێراتر لە شەپۆڵ دەڕۆن و نزیکتر دەبنەوە و ئەم جارە پێت دەوترێ: (**وَأَنَا اخْتَرْتُكَ..**) (طه ١٣) ئینجا ژیانی نەمری دەدرێ بە روحەکەی و لە

دورگەی بەقا لەنگەر دەگریێت، دەرگای موشاهەدە و موکاشەفە و (عین القین) دەگۆڕدرێ بە (حق الیقین) و عبوودیەتی حەقیقی (**(وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّىٰ يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ)**)(الحجر٩٩). لەم قۆناغەشدا عاریف زوبانی دەبێت بە زوبانی خودا و قۆناغێکە کە نمونەی چەندان عاریفی گەورەمان هەیە کە لەکۆتاییدا بەهۆی وتە عیرفانیەکانیان و تێنەگەیشتنی هەندێ ناتێگەیشتووان لەسێدارە دراون و سەری خۆیان لەم پێناوە داناوە بە وێنەی حەلاج، سافیش لەم بارەیەوە دەڵێت:

**بێ یار و دەلیل پامەنێ ڕێی عەشقی جەوانان**
**چەند سەر لەسەر ئەم ڕێگا لە سێدارە دراوە**(هیرانی،٢٠١٥، ٢٦٠)

لەکۆتاییش فەرموویەتی:

**خوێنم بڕێژێ سورەتی ناوی تۆ دەکێشێ**
**تا نەیکوژی نازانی کە (سافی) بە وەفایە**.(هیرانی،٢٠١٥، ٢٦١)

لێرەدا شێخی عاشقان چەسپاندوویەتی کە لە عیشق دا گەیشتۆتە کۆتا ئاستی توانەوە لە مەعشوقەکەی و، حالی خۆی چواندووە بە حالی مەنسووری حەلاج، واتە گەر منیش وەک حەلاج خوێنم بڕێژرێ لەپێناو ئەو عیشقەی کە بەرانبەر بەتۆ هەمە، وەفای منت بۆ بەدیار دەکەوێ چونکە ئەوکات خوێنەکەی منیش سورەتی ناوی تۆ دەکێشێ هەروەکوو چۆن خوێنی حەلاجیش "انا الحق"ی وێنادەکرد کاتێک دەڕژایە سەر زەمین. جوانی هۆنینەوەی مەبەستی شاعیر زیاتر بەدیار دەکەوێ کاتێک وتویەتی سورەتی ناوی تۆ دەکێشێ، نەیگوتووە سورەتی شێوەی تۆ دەکێشێ، چونکە خودا بێ چۆنیەتی و شێوە و ڕووخسارە (**لیس کمثله شیء..)**، بەڵکو ناوەکان و سیفەتەکانی دیارە!

**ئەلا ئەی دۆستانم داستانی دڵ تەواونابێ**
**مەگەر ڕۆژی جەزا بێتن لەخزمەت شاهی مەولایی**.(هیرانی،٢٠١٥، ٣٤٧)

**ئەنجام:**

١-تەسەووف ڕێگایەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە خود و لە خودا، بەو پێیەی تەسەووف بەشێکی سرووشتی ناخی مرۆڤە، بە برەودان بەو بەشە مرۆڤ دەگات بە ئاسۆ بەرزەکانی مەعریفەت و پابەندبوون و دڵ ئۆقرەگرتن بە ڕێسا خوداییەکان.

٢-تەریقەتیش کە دەرگای چونە ناوەوەی سۆفیگەرییە، قوتابخانەیەکی سەرەکی بووە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی بەرزی نێو کۆمەڵگا، کە شوێنکەوتەکانیان جیاکراونەتەوە بە پاکی دڵیان و بەرزی بیرکردنەوە و جوانی ڕەوشتیان.

٣-تەریقەتی قادریش شا ڕێگەی تەسەووفی ئیسلامییە کە لە بنەماڵەی پێغەمبەر(دروودی خودایان لەسەر)ەوە، دەست بە دەست هاتووە تاکوو شێخ عەبدولقادری گەیلانی و لەلایان ئەویشەوە بە دانانی پایە و بنەمای تایبەت نوێکراوەتەوە، بۆیە ڕێبازەکە بە قادری ناسراوە، تاکوو دەروێش بتوانێ بە توانا و دەسەڵات بێت بەسەر نەفسی خۆی و ڕێگاکە ببڕێ بە چاودێری پیرێکی دەستگیر.

٤-سافی هیرانی بەو پێیەی پیرێکی مەزنی ئەم ڕێبازە پیرۆزە بووە، بۆیە لە شیعرەکانیدا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسی لە بڕینی قۆناغە ڕوحیەکانی ئەم ڕێگایەی کردووە و زاراوە سۆفیگەرییەکان و حال و مەقام و پێگەکانی تیادا باسکردووە.

٥-شاعیر کەسایەتییەکی خاکی و سادە و پڕ لە تەوازوع نواندن بووە، کە ئەم ڕێچکەیە وەک خوڕەوشت و کلتوور لە باوانیەوە بۆی ماوەتەوە و ئەمیش درێژەی پێداوە، چونکی نیشانەی قادری مەشرەبان بووە، بۆیە لە بەشێکی شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەم خاکیبوون و تەوازوع نواندنەی بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕەزامەندی یارەکەی.

٦-حەزرەتی سافی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا لە بەشێکی شیعرەکانیدا عیرفانییەکی قوڵی تیادا بەکارهێناوە و بە وێنەی عاریفە مەزنەکان ڕۆچووتە قوڵای بابەتەکان و باسی لێوەکردووە.

## سەرچاوەکان:


- قورئانی پیرۆز.

١- باقلانی: محمد عبدالغفور، ٢٠١٨، تەسەووف کەشتی رزگاربونە، بەرگی ١، چاپی یەکەم.

٢ -شەبەستەری: شیخ محمود، ٢٠١٨، گولشەنی راز، د. سەباح بەرزنجی، چ ١، تەفسیر هەولێر.

٣- غەزالی، ئیمام،٢٠٢٠، أیها الولد بەکوردی، و:محمد ملا سعدالدین، چاپی یەکەم، ناوەندی رەها، هەولێر.

٤ -قوشەیری: ئیمام عبدالکریم، ٢٠١٦، ریسالەی قوشەیری لە زانستی تەسەوفدا، و:عبدالکریم فتاح، چاپی یەکەم، نوری حەقیقەت، هەولێر

٥- قادری،مەستی:زامدار، نیاز، ٢٠٢٢، دیوانی شیخ عەبدولقادری گەیلانی، چاپی یەکەم، ناوەندی رەها، هەولێر.

٦- کەسنەزانی، بەرزنجی:بوشرا، د.سەباح، ٢٠٢٣، فەرهەنگی پیران، چاپی یەکەم، سەردەم سلێمانی.

٧- کەلاشی: سەباح قەنبەری، ٢٠١٦، ڕێبازی قادری، چاپی یەکەم، چاپخانە: تاران.

٨-گەیلانی:د. عبدالرزاق،٢٠١١،شیخ عبدالقادری گەیلانی ئیمامی زاهید و پیشەنگ، و: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی دووەم، تەفسیر، هەولێر.

٩-گیوی: دیوانی صافی، ١٩٦٥، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

١٠-هیرانی: محمدی مەلا مستەفا، دیوانی صافی هیرانی، چاپی دووەم، مەحوی، هەولێر.

١١-مەستی، کاکی هیرانی: نیاز، هانا، ٢٠٢٤، دیوانی وریا، چاپی یەکەم.

١٢مەستی: نیاز، ٢٠١٨، رشتەی نوور، چاپی یەکەم، ناوەندی هزر، هەولێر.

١٣-نەیشابوری: فەریدەددین عەتتار، ٢٠٢٢، تذکرةالأولیاء یادی یارانی خودا، و: نیاز مەستی، چاپی یەکەم، حاجی قادری کوی، هەولێر.
١٤-نوورسی: بەدیعوززەمان سەعید، ٢٠١٣، مەکتوبات، چاپی ٣.
١٥-وەسمان: محەمەد، ٢٠١٤، فەلسەفەی سوفیگەری، چاپی دووەم

**فەرهەنگ:**

١٦-خال: شیخ محمد،١٩٨٤، فەرهەنگی خال، چاپی١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
١٧-موکریانی: مام هەژار،١٩٩٠، هەنبانە بورینە، چاپی١،انتشارات سروش، تهران.

**نامەی ئەکادیمی:**

١٨-ئەحمەد: سەردار،١٩٩٣،سافی ژیان و بەرهەمی، تیزی ماستەر، زانکوی سەلاحەدین، هەولێر.
١٩-نیهاد: فریاد،٢٠٢٣، بەراوردی عیشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافی هیرانی و مەولانا جەلالەدینی رومی دا، تیزی ماستەر، زانکوی سوران.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

٢٠-ابن عربی: محی الدین، ١٩٤٨، نقش الفصوص، ط١، جمعیه دائره المعارف العثمانیه، حیدراباد.
٢١-ابن حبان: محمد، ١٩٩٣،صحیح ابن حبان: محمد ابراهیم زاید، ط٢، دار الوعی، حلب.
٢٢-ابن مالک: أنس، ١٩٥٨، الموطأ: محمد فواد عبدالباقی، ط١، دار أحیاء تراث العربی.
٢٣-البخاری: محمد صدیق حسن خان، ٢٠٠٧،التاج المکلل، ط١، وزارة الأوقاف وشؤون الاسلامیة القطر.
٢٤-البرسوی: الشیخ اسماعیل حقی، ١٣٣٠ه، تفسیر روح البیان، ط١، المکتبةالاسلامیة.
٢٥-البیهقی: أبوبکر أحمد بن الحسین، ١٩٩٣، الأسماء والصفات، ط١مکتبةالجوادی، المملکة العربیة السعودیة.
٢٦-الجیلانی: الشیخ عبدالقادر، ٢٠٠٥، سرالأسرار و مطهرالأنوار، ط١، دار الکتب الکلیة، لبنان.

٢٧-الجيلاني: الشيخ عبدالقادر، ٢٠٠٥، الغنية، ط١، دارالخير، دمشق.
٢٨-الرباني: الامام، بدون سنةالطبع، مكتوبات، ط٢، دارالكتب العلمية، بيروت.
٢٩-الزبيدي: مرتضى، ١٣١١ه، اتحاف السادة المتقين بشرح احياء علوم الدين، ط١، مطبعةالميمنة.
٣٠-الشعراني: الامام عبدالوهاب: بدون سنةالطبع، الأنوار القدسية، ط١، دارصادر، بيروت.
٣١-شلق: د. علي، ١٩٨٥، العقل الصوفي في الاسلام، دار المدى للطباعة.
٣٢-الصاوي: الامام،٢٠٢١، مجموعةجوهرةالتوحيد، شرح الصاوي، ط١، دارالتحقيق الكتب، لبنان.
٣٣-ضيف: شوقي.؟، التطور والتجديد في الشعر الأموي، ط٨، دارالمعارف، القاهرة.
٣٤-القادري: مخلف يحيى،٢٠٢٠، الكنوز النورانية، ط٤، دار النور القادرية، دمشق.
٣٥-القاشاني: الشخ عبدالرزاق، ٢٠٠٥، اصطلاحات الصوفية، ط١، دار الكتب العلمية، لبنان.
٣٦-القشيري: الامام عبدالكريم،١٩٨١، تفسير لطائف الاشارات، تحقيق: د. ابراهيم بسيوني، ط٢، الهيئة المصرية العامةللكتب، القاهرة.
٣٧-الكسنزان: الشيخ محمد بن الشيخ عبدالكريم الحسيني، ٢٠٠٥، موسوعة الكسنزان فيما اصطلح عليه أهل التصوف والعرفان، ط١، دار أية، بيروت.
٣٨-الكيلاني: السيد ميعاد شرف الدين، ٢٠١٤، الطريقةالقادرية أصولها وقواعدها، ط١، كتاب- ناشرون، لبنان.
٣٩-المتولي: عبدالستار السيد، ١٩٨٤، أدب الزهد في العصر العباسي، ط١، الهيئة المصرية العامةللكتاب، القاهرة.
٤٠-ماضي: السيد محمد أبوالعزائم، ١٩٧٤، مذكرة المرشدين والمسترشدين، ط١، الهيئةالعامةلشئون الدينية الأميرية.
٤١-معلوف: لويس، المنجد في الأعلام واللغة.
٤٢-مسلم: الامام أبوحسين، ٢٠٠١،صحيح مسلم، تحقيق:محمدفوأدعبدالباقي، جزء٤، ط١، دارالكتاب العلمية، القاهرة.

**المعجم، فەرهەنگ:**

٤٣-المعجم العربي الأساسي: المنضمة الدولية للثقافة والأدب.

**الموقع، ئینتەرنیت:**
٤٤-عبدة: خالد محمد، معنى أن تكون صوفية، http://www.Academia.edu.com.
**سەرچاوەی فارسی:**
٤٥-توكلی: محمدرووف توكلی، بدون سال جاپ، تاريخ تصوف در كردستان، انشارات اشراقی، تهران.

## ملخص البحث

الإنسان الذي هو أعظم المخلوق لخالق العالم، لديه أسرار وعوالم روحية متنوعة، وقد بحث دائما عن نفسه وعن الهه، فقط من خلال فكر سليم مليء بالنطر وبمساعدة رسائل الرسل، استطاع أن يجد الحقيقة وسبب وجوده وموته. وبهذه الطريقة استطاع الإنسان المؤمن أن يفهم و ييعلم و يثقف نفسه، وهذا التوجيه أصبح علما مستقلا يسمى التصووف، لأن جانب التصووف جزء طبيعي يصدر من داخل الوجدان البشرى، فالتصووف حقيقة روحية، وجانب قوي، وأخلاق مهمة، وعالم خاص على الجانب الآخر من عالم المادية الإنسانيه، للوصول إلى الآفاق العالية لمعريفه الله، والالتزام بالقوانين الإلهية، وتطهير القلب وتطهير النفس من كل ذنوبها لذلك يمكن ان نقول أنه تربية و تعليم إلهي يؤدي المومن الى اكتمال المنزل و إلى قمة المنزل.

والطرقه هى منهج والطرى قة من طرائق التصوف، والمريد يسلك على هذه الطريقة على يد مرشد مربى، وهذا هو جانب العملى من الأمر أن مريد يخضع لأسباب معينة، وهذه هي طريقة الخاصة لحصول رضا الله و سبب لوجود اتصالا روحيا بين الله و عبده، لغاية وصول الى رضا الله تعالى، و ثمرة الطريقة سبب مهيم لترويج الشريعة و وصول الى حقيقة و معريفة، لأنه سالك الطريقة دائما يشعر بأن الله تعالى أقرب اليه من حبل الوريد لذلك يحتفظ ايمانه و يقل عصيانيه بشكل عام، كان هناك طريقتان رئيسيان في كردستان، أقدمهما وأهمهما الطريقة القادرية، اسم طريقة القادرية مشتق من اسم الشيخ عبد القادر كيلاني، وهو مجدد هذه الطريقة، وطريقة القادري هي واحدة من أقدم الطرق الصوفية، والتي تنسب إلى الإمام علي حتى زمن الشيخ عبد القادر الكيلاني، المعروف فيما بعد باسم القادرى، ولكن

إذا تعمقنا في هذا المعنى، يتضح أنه ليس مأخوذا فقط في لقب الشيخ عبدالقادر، ولكن محتوى وحالة الشيخ كانت أكثر أهمية في هذا النسبة! وأن توابع القادرى هو موريد ذات الله القادر بسبب كثرة تحقيقه و تخليقه بهذين صفاتين الله تعالى لذلك أقدر على نفسه وهواه و طبعه و أخلاقه

لذلك فإن هدفنا من هذا البحث، بالاعتماد على المصادر، هو بحپ موجزة لتصوف و الطريقة و منهج القادري، لكشف مجالات وجوانب التصوف والعرفان التي انعكست في حياة وأشعار صافى هيرانى، وإظهار و استكشاف معنى القادري و مجاهداته فى مجال التواضع للوصول إلى رضا محبوبه لدى الشاعر، مع جانب أمثلة قصائده بشرحيات .

**الكلمات المفتاحية: التصوف والعرفان، الطريقة، القادري، صافي هيرانى.**

## Summary

Human، who is the greatest creation of the universal God، has his own secrets and spiritual worlds. He has constantly sought to find himself and God. In this way، the believer has been able to understand and educate himself through a realistic thinking and searching into prophets and senders، they could find himself and their God. And this trend has become an independent trend. It is a science called Sufism، because Sufism is a natural part of the heart and conscience، to reach high heights of knowledge of God، calmness، adherence to God's rulings، and purifying the heart and mind from all evil and abomination. Therefore، we can say that Sufism is a divine teaching that leads the believer to the peak of perfection. The tariqa is a method or path of Sufism. The student (Murid) follows the path taught by an elderly guide، and the practical aspect is that the student (Murid) obeys certain reasons، that is، it is a special path through which the traveler obtains God's satisfaction، and creates a strong spiritual relationship between the servant and his Lord، as it proceeds From the mind to the Supreme Being who is God، to achieve his goal، which is to obtain God's satisfaction only، so he feels that God is closer to him than anything else، so he realizes his faith

and commits the least mistakes. There were two main sects (Taira) in Kurdistan، the oldest and most important of which is the Qadiri Order، and the name of the Qadiri Order is derived from the name of Sheikh Abdul Qadir Jilani. In the time of Sheikh Abdul Qadir Jilani، it was later introduced as the Qadiri Order، but if we delve deeper into this meaning، we will see that it is not derived from the name of Sheikh Abdul Qadir. Only the capable one، but the sheikh's content and condition played a major role! Therefore، the student who follows the path of Al-Qadiri means the student of God Almighty who researched and created this quality of God. Therefore، our goal in this research is to provide a brief overview of Sufism، the method، and the Qadiri path، and to show the areas and aspects of Sufism and Sufism that were reflected in Al-Safi's life and his poems، while giving his poetic examples with commentary.

. Al-Safi Al-Hirani، Al-Qadiri، method،Keywords: Sufism and mysticism